The Centre of Halabja
Against Anfalization and
Genocide of the Kurds
C.H.A.K
www.chak.info

C.H.A.K
The Centre of Halabja

Nawendî Helebce
Dij be Enfalkirdin u
Cînosaydî Gelî Kurd
ÇAK
chak.org@gmail.com

## پرۆژەیەک بۆ خزمەتی هەڵەبجە و ئەنفال .
## بانگەوازێک بۆ ئەدیبان و نوسەران و ڕۆشنبیرانی کورد

www.chak.info

ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفال و جینۆسایدی گەلی کورد (چاک) بۆ درێژەدان بە خزمەتکردنی دۆزی جینۆسایدناساندن و بەرز ڕاگرتنی یادەوەریی ئەنفال و هەڵەبجە و هەموو یادەوەری نەهامەتییەکانی بەسەر گەلەکەماندا هاتوون ،(( خانەی ئەدەب و هونەر )) ی کردەوە .

ئەم گۆشەیەی ڕێخراوەکەمان تایبەتە بە کۆکردنەوەو لێک نزیک کردنەوەی ئەو دەق و تێکستە ئەدەبییانەی کە پەیوەندییان بە ئەنفال و هەڵەبجەو و جینۆسایدی گەلی کوردەوە هەیە . وە بۆ زیاتر لێک نزیک بوونەوە و ئاشنا بوونی هونەرمەندان و ئەدیبانی کورد بە یەکتری و ڕێزلێنان لە بەرهەم و ماندووبوونیان .

ئەگەر بە ووردی چاوێک بخشێنین بە مێژووی ڕۆشنبیریی کوردیدا لە ڕابووردوودا ڕۆشنبیران بە گشتی خزمەتێکی بەرچاویان کردوە بە دۆزی هەڵەبجە و ئەنفال ، زۆرینەی هونەرمەندانی ڕەسەن و ئەدیبان و نوسەران جێدەستیان دیارە لەم مەیدانەدا ، بە تێکڕا بارستاییەکی زۆر لە نوسین و لە ژێی دەنگی ئەو کەسە بە ئەمەکانە لە مێژوودا بە جێماوە کە . بۆیە پێویستە ڕێز لەم خزمەتەی هەمولایەک بگیرێت و بە کۆکردنەوە ی بەرهەمەکان و خەڵاتکردنی خاوەنەکانیان یەکەم هەنگاومان دەست پێبکەین .

لە یەکەم هەنگاو و پرۆژەی ئەم خانە ئەدەبییەدا بە نیازین لە هەردوو بەرواری ٣/١٦یادی کارەساتی هەڵەبجە و ٤/١٤ ڕۆژی پرۆسەی بەدناوی ئەنفال پێشبڕکێیەکی ئەدەبیی بۆ هەردوو بواری شیعر و کورتە چیرۆک بۆ هەموو ئەدیب و نوسەرانی کورد لەهەر شوێنێکی ئەم دنیایە هەن ئەنجام بدەین .

**پێشبڕکێی شیعریٚ بۆ هەڵەبجەو ئەنفال** : ناوی یەکەم پێشبڕکێیە کە لە ٢٠٠٨/٠٣/١٦ لە یادی کیمیابارانکردنی هەڵەبجەدا ئەنجامی دەدەین .

**پێشبڕکێی چیرۆکیٚ بۆ هەڵەبجە و ئەنفال** : ناوی دووەم پێشبڕکێیە کە لە بەرواری ٢٠٠٨/٠٤/١٤ لە یادی کارەساتی ئەنفالدا ئەنجامی دەدەین .

بۆ ئەم پرۆژەیە دوولیژنە ی شارەزا لە هەردوو بواری شیعر و چیرۆک ئامادە دەکرێت و لە ئێوارەی ڕۆژی ٣/١٦ ئەنجامی پێشبڕکیی شیعریٚ بۆ هەڵەبجە ڕادەگەیەنین سیٚ شیعر دەبنە

یەکەم و خەلات دەکرێن . وە لە ئێوارەی ٠٤/١٤ ئەنجامی پێشبڕکێی چیرۆکێ بۆ هەڵەبجە و ئەنفال ڕادەگەیەنین بە هەمان شێوە سێ چیرۆک دەبنە یەکەم و خەڵات دەکرێن .

**پرۆسەکە بەم شێوەیە دەست پێدەکات و جێبەجێ دەکرێت :**

لە ئێستاوە و لە دوای بڵاو بوونەوەی ئەم بانگەوازە ، داوا لە ئەدیبان و نوسەرانی سەرجەم پارچەکانی کوردستان دەکەین هۆنراوە و چیرۆکەکانیان بۆ ئەم ئیمایلەی لای خوارەوە بنێرن ، دەرگای وەرگرتنی تێکستەکان هەتا بەرواری ( بۆ شیعر ٢٠٠٨/ ٣/١ دوا ڕۆژی وەرگرتنە ، بۆ چیرۆک ٢٠٠٨/٤/١ دوا ڕۆژی وەرگرتنە)

لە دوای ئەوەی لەلایەن دەستەی پسپۆڕان بڕیار لەسەر تێکستەکان دەدرێت ، براوەکان لە ژورێکی پاڵتاکدا لە سیمینارێکی شایستەدا بانگهێشت دەکرێن و هەریەکە بە دەنگی خۆی هۆنراوەی خۆی بۆ ئامادەبوان دەخوێنێتەوە . دواتر لیژنەی هەڵسەنگاندنی پێشبڕکێکە باس لە چۆنیەتی دەقە ئەدەبییەکان دەکەن و شیکردنەوەی خۆیان بۆ دەقەکان دەخەنە روو . کۆتایی سیمینارەکە بە ڕێزلێنان لە بەرهەم و ماندووبوونی ئەو نوسەر و ئەدیبە بەڕێزانە کۆتایی دێت .لە هەر یەکێ لە پێشبڕکێکان سێ خەڵات دەدرێت بە باشترین دەق .

ئەم پڕۆژەیە ساڵانە دەبێت و لە کۆتاییدا هەموو شیعر و کورتە چیرۆکەکان لە دووتوێی دووکتێبدا کۆدەکرێنەوە و بە چاپ دەگەیەنرێن ، هەر بەڕێزێکی بەشداربوو لە پێشبڕکێکەدا کتێبێکی دەککرێتە دیاری .

**ڕۆژی بەستنی سیمینار :**

لە ٢٠٠٨/٣/١٦ کاتژمێر ٢١،٠٠ بەکاتی ئۆروپا سیمیناری پێشبڕکێی ( شیعرێ بۆ هەڵەبجە و ئەنفال ) دەست پێدەکات و بە خەڵاتکردنی براوەکان کۆتایی پێدێت .

لە ٢٠٠٨/٤/١٤ کاتژمێر ٢١،٠٠ بەکاتی ئۆروپا سیمیناری پێشبڕکیی ( چیرۆکێ بۆ هەڵەبجە و ئەنفال ) دەست پێدەکات و بە خەڵاتکردنی براوەکان کۆتایی پێدێت .

بەو هیوایەی ئەدیبان و نوسەرانی کورد ، بەدەنگ ئەم داخوازییەمانەوە بێن و لەم خزمەتە نوێیەدا لەگەڵمانا هەماهەنگ بن . دەتوانن لە ڕێگای ئەم ئیمایلەی خوارەوە چیرۆک و هۆنراوەکانتان بۆ لیژنەی هەڵسەنگاندن بنێرن .

بۆ ناردنی شیعر و چیرۆکەکانتان
honrawa.chyrok.anfal@googlemail.com

**ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد (چاک)**
**خانەی ئەدەب و هونەر**

www.chak.info